# خەباتی شاخ یان ڕاپەڕینی شارەکان




**نووسینی مەلا بەختیار ( حیکمەت محەمەد کەریم )**
**ڕەجائی فاید * خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆ کردووە**
**لە عەرەبییەوە: لوقمان**

# خەباتی شاخ یان ڕاپەڕینی شارەکان



سەرەتا پەشیمانم لەو ساڵانەی کە نزیك بووم لە دۆزی کورد و سەرکردەکانیەوە، بەڵام لەو ساڵانەدا چاوم بەو کەسایەتییە گرنگە (مەلا بەختیار) نەکەوت و خوازیارم تەمەندرێژبم تاوەکو دەرفەتێکم بۆ بڕەخسێت کە لەو چەند ڕۆژەی تەمەنم ماوە چاوم پێبکەوێت.

مەلا بەختیار تەنها تێکۆشەر نییە، بەڵکو بیرمەندێکە لە جۆرە کەمەکان، وانەیەکی گرنگی لە خەبات و تێکۆشانە دوورودرێژەکانی وەرگرتووە بەهۆیەوە توانیویەتی پێکهاتەیەکی داهێنانی سەرنجراکێش لە نێوان بیر و تێکۆشاندا هەروەها بە جورئەتێکی دەگمەنەوە وایلێکردووە لە پەیڕەو (نەهج) پێشووی پاشگەز بێتەوە، لە بارەی وێناکردنیەوە لەسەر ئازادکردن بۆ پەیڕەوێکی نوێ کە دەتوانرێ تیۆرێکی نوێی لەسەر بنیاد بنرێت، کە ئێستا لە سەرەتای



گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێک دەریدەکات

دایە و هێشتا زۆری لە بەردەمدا ماوە کە بەشەکانی ئەم تیۆرە تەواو بکات، دووبارە ئەوە دەڵێمەوە کە خواستێکی خێرام هەیە بۆ بینین و چاوپێکوتن لەگەڵ ئەم کەسایەتیە.

تەواویەتی لە هیچ کارێکدا نییە، تەنها لە بەهەشتی باڵادا نەبێت، هەر کارێکیش کە دەکرێت دەبێت هەندێ کەم و کووری هەبێت ، ئەگەر ئەم کەم و کوورییانەش چاککران، هەردەبێ لەگەڵ خوێندنەوەیەکی تردا کەم و کووری نوێ دەربکەون، ئەم کارە گرنگ و بەسودە، چونکە بەردەوام مرۆڤ دەجوڵێنێت بۆ کاری زۆر و تەواویەتی و پەتی، ئەگەر وا دابنێت کارێك بە تەواوی پێشکەشکرا، ئەوە مانای وەستاندن دەگەیەنێت و رێگە دەگرێت لە هەر هەوڵێکی پێشکەوتن، شاعیرێکی عەرەب دەڵێت:

اذا تم شيء بدا نقصه          ترقب زوالا اذا قيل تم

بۆیە ئەم تێبینیە خێرایانەم لەسەرئەم گەشتە، گرنگە هەرگیز ناتوانێت لە بەها و پێگەی کەمبکاتەوە، بە ئەمانەتەوە بریتیە لە تێبینی خوێنەرێ کە خوێندوویەتیەوە تێیدا ئەوەی بۆ دەرکەوتوە، کە بەها و بایەخێکی گرنگی هەیە ولەم تێبینیانەی ئەمانەی دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنەوە دا باشتر و جوانتر دەربکەوێت:

1- گرانبەهاترین وەگێڕانە کە دکتۆر مەندەلاوی کردویەتی و وای لێکردم کە وا هەستدەکەم کتێبەکە هەر لە سەرەتاوە بە عەرەبی نوسرابێت، کە خوازیاربم بنووسرێت (وەرگێراوە لەو زمانە) بۆ ئەوەی بزانێت کتێبەکە بە چ زمانێك نوسراوە، بە تایبەتی من وامزانی لە یەکێك لە وڵاتە ئەوروپیەکاندا نووسراوە.

2- خوازیار بووم کتێبەکە پاش وەرگێڕانی بدرێتە بە کەسێکی زمانەوان، ئەم کارەش شتێکی راهاتوو دروستە، هەتا نووسەرە گەورەکانی عەرەبیش ئەمە دەکەن، چونکە کتێبەکە پڕ لە هەڵەی زمانەوانی، کە نە دەبوو لەم کتێبە گرنگەدا بوونایە.

3- ئایا ئیسلام کوردستانی بە هێزی چەك داگیرکرد؟ ئەوە دەزانم ئیسلام چووەتە کوردستان، بەڵام رۆشنبیری عەرەبی نەچووە کوردستان و کوردەکان توانیان پارێزگاری لە تایبەتمەندی رۆشنبیری خۆیان لەسایەی ئیسلامدا بکەن، ئایا ئەم بارودۆخە بە داگیرکاری دادەنرێت، بە هەمان پێوانەش دەکرێ وایدابنێین کە ئەوروپا لەلایەن مەسیحیەتەوە داگیر کرا چونکە لە رۆژهەڵاتەوە بۆی هات؟

4- نووسەر خاوەن رەخنەیەکی خودی ئازایانەیە، ئەمەش یەکێکە لە شتە بەرێزەکانی ئەو، بەڵام هەندێ جار ئەمەش دەگاتە ئاستی لێدانی خود، زۆرن ئەوانەی لۆمەی هەندێ لە سەرکردەکان دەکەن کە شتیان لەسەر هونەری شەرکردن نەنووسیوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بزووتنەوەی شۆرشی کوردی لە خەباتی دا خاوەنی لوکسی دانای کتێب و ئەندێ سکۆپی بوون، ئەم بزووتنەوەیە ئەوەی زیاتر سەرقاڵیکردبوو گەرانبوو بە دوای شوێنی ئارام دا لە ئەشکەوتەکان، یان لە سێبەری دارەکاندا، لەگەڵ دانانی پلانی ئانی و خێرا بۆ ئەنجامدانی چالاکی لێرە و لەوێ.

5- گلەیی ئەوە لە بزوتنەوەی کوردی دەکرێت کە هەڵنەستاوە بە (بنیادنانی رەبایە و شوێنی حەشاردانی بەهێز کە بەرەنگاری تۆپە قورسەکان) بکات، نووسەر درێژە بە رەخنەکەی دەدات بەشێوەیەك دەگاتە لێدانی خود و دەڵێت(( بەم شێوەیە عەقڵیەتی دواکەوتووی هێزە کوردەکان دەردەکەوێت کە دەستی بەسەر کارەکاندا گرتبوو)) لەگەڵ ئەوەی لە لاپەرەی 67ی کتێبەکەدا دەڵێت ( پلانی سەربازییان نەبوو، ئاشکرابوو ئەوان جیاوازیان لە نێوان شەری قۆڵی (جەبهەیی) و شەری پارتیزانی نەدەکرد و ئەم دوانەیان تێکەڵ دەکرد و بە زۆری ئەوان شەری قوڵییان دەکرد) لێرەدا هەست بە لۆمە دەکەین لەلایەن نووسەرەوە سەبارەت بە گرتنەبەری شێوازی شەری قوڵی، ئێمەش دەپرسین (من پسپۆرنیم لە شەر و ئەوەی پەیوەندی بە جۆرەکانیەوە هەبێت) ئایا شەر دزەکردنە کە جەنگاوەرەکان دەیکەن و بەنهێنی لە شوێنێکەوە دەچنە شوێنێکی تر کە گونجاو بێت بۆ جێگیر بوونی بەردەوام و رەبایە و هەرشتێکی تر، ئەگەرنا ئەمە وەك ئاسانکاریەك دادەنرێت بۆ دوژمن کە شوێنی شۆرشگێڕان بکات بە ئامانج.

نووسەر خاوەن رەخنەیەکی خودی ئازایانەیە، ئەمەش یەکێکە لە شتە بەرێزەکانی ئەو، بەڵام هەندێ جار ئەمەش دەگاتە ئاستی لێدانی خود

6- نووسەر وایدادەنێت کە گەورەترین نوشست کە بەسەر گەلی کوردا هاتبێت ئەنفالەکان بوون، کە شەڕی سارد بوو، لەگەڵ ئەوەی نوشوست وەك ئەوەی زۆرم لە ئەدەبیاتی کوردیدا خوێندوەتەوە، بەو هەرەسە دەزانرێت کە لە پاش ڕێکەوتنی جەزائیر بەسەر گەلی کوردا هاتووە، منیش رونکردنەوەیەك لەسەر ئەوە دەدەم کە دوورە لە جیاوازی نێوان کوتلە کوردییەکان لە پەیرەو بیرکردنەوەدا.

7- نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ دڵنیابوون لەسەر لۆمەی سەرکردەی بزووتنەوەی کوردی لە بارەی نەنوسین لەسەر کاروباری سەربازی، ئەم هۆکارانەش دەگەڕێنەوە بۆ چەند هۆکارێك لە (لاپەڕەی 57) دا باسیکردوون، لەوانەش کەمی کۆلێژی سەربازی، ئەمەش وادەکات بپرسین ئایا ئێمە باس لە بزووتنەوەیەکی سەربازی دەکەین، یان دەوڵەتێك کۆلێژ و ئەکادیمیای سەربازی لێبێت؟

8- هەڵەی مێژوویی زۆری تێدایە بڕواموایە هەڵەی چاپن و پێویستە راستبکرێنەوە.

9- شەڕی سویس لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا 1956 کە لە ڕاستیدا شەڕێك بوو لە نێوان سێ وڵاتدا( بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسرائیل) لە دژی مصربە تەنها، و عەرەب بەشدار نەبوون بەو شەڕەش دەڵێن شەڕی سێ قۆڵی.

10- بەنرخترین و عادلانەترین و عەقڵانیانەی نووسەر مەسەلەی فەلەستینە، چونکە بەداخەوە زۆر خەمم دەخوارد کاتێك زۆر لەو گوتارانەی راگەیاندنی کوردستانم لەبارەی ئیسرائیلەوە دەخوێندەوە، هەندێکیان لە هەمان سەنگەری هاوکاری ئیسرائیلدا دەوەستان، بەڵام نووسەر بە پێچەوانەی ئەوەوەیە.

11- تێبینیم لەسەر زاراوەی شۆڕشی دژ یان (دژە شۆڕش) بە پێی تێگەیشتنی خۆم هەیە، ئەوەی کە لە شۆڕش دەگەم بریتیە لە بزوتنەوەیەکی چەکداری هاوکاری و پشتیوانلێکراو لەلایەن گەلەوە، یان راپەڕینێکی گەلی و سیستمی دەسەڵات دەگۆڕێ و هەڵدەستێ بە گۆڕانکاری گەورە، بەڵام شۆڕشی دژ دوای سەرکەوتنی شۆڕ سەرهەڵدەدات و پاشماوەکانی سەرانی رابردوو پێیهەڵدەستێت، لە پێناو شکستپێهێنان یان دروستکردنی گرفت بۆ شۆڕش یان دەسکەوتەکانی، وەك ئەوەی کە ئێستا لە میسر روودەدات، بەڵام نووسەر زاراوەی شۆڕشی دژی لە بواری قسەکردن لەسەر توندوتیژی هۆکارە کوشندەکان بەکارهێناوە کە حکومەتەکان بۆ لە ناوبردنی شۆڕشەکان بەردەهێنن، خوازیارم نوسە ر بەمەدا بچێتەوە.

لە راستیدا ئەم سەرنجانە هەرگیز لە بایەخی کتێبەکە کەمناکەنەوە و چاوەڕیشدەکەم ئەم کتێبە نوسخەی نوێی بە عەرەبی لێچاپ بکرێتەوە، ئەمەش کارێکی گرنگ و خوازراوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە کار لەسەر ئەمانە بکرێت:

أ- ئەو هەڵە زمانەوانی و مێژوویانە چابکرێنەوە کە زۆر ئاسانن. ب- نوێکردنەوەی کتێبە کە، چونکە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە گۆڕپانی کوردستان، تونس، مصر ، یەمەن ، سوریا رویانداوە هەروەها خوازیارم ئەگەر کتێبەکە نوێکرایەوە روانینێکی رەخنەیی بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە گۆڕپانی کوردستاندا روویاندا هەبێت، لەوانە بزوتنەوەی گۆڕان و رووداوەکانی بەردەرکی سەرا و یەکگرتنی هەرسێ حزبی لە ژێر ناوی ئۆپۆزسیۆندا.

دووبارە دڵخۆشی خۆم بۆ نووسەر و کتێبەکە دەردەبڕمەوە و خوازیاری بینیی راستەوخۆی نووسەرەکەشم.

*** نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی لە کاروباری عێراق و کورددا.**